# شیکردنەوەی شوێنی وێستگەی سوتەمەنی لە شاری سلێمانی

**پ.ی. د.بەیان علی حسن[1]، م.شاد حمید محمد[1]**

١ بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلیێمانی.

**ڕێکەوتی وەرگرتن: 11 ئاب ٢٠١٩، پەسەندکردن: 22 ئاب ٢٠١٩، بڵاوکردنەوە: ٢٥ کانونی یەکەم ٢٠١٩**

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ پ.ی. د.بەیان علی حسن، م.شاد حمید محمد

**تحليل المكاني لمحطات الوقود في مدينة السليمانية**

تعتبر المدن مراكز الحياة، يمارسون كل الانشطة مرتبطة بخدمات سكان المدينة، لابد كل الانشطة في المدن يحتاج الى وسائل النقل، ان السيارة اهم وسائل نقل فيها، والسيارة يحتاج الي خدمات في المدن, احد من خدمات الذي يحتاج السيارة هي خدمات الوقود، ان العدد والنوعية والخاصية في كل المدن يعتمد الى نسبة التقدم و توسع المدن.

في هذا البحث نتناول عن العدد و مساحة وتأريخ انشاء و التوزيع الجغرافي والخدمات التي يقدمون في مدينة السليمانية،احد من اهم الاستنتاجات البحث هي، كل السيارة في (24) الساعة، عند(4)الساعات و (42)دقيقة لتعبئة الوقود.

**Locational analysis of the patrol stations in sulaimani city**

The cities are the center of human life and their activities, these activities are tied to the population services and requires transportation factors. Cars is the most important factors in the cities, at the same times and need some services, it depends on number, quality, characteristics.

This paper deals with the number, area, and history of building, spatial distribution of this service of patrol station in Sulaimani city. One of the conclusions is that: each car has (4 )hours and (42)minutes in a day to get service from this stations

وێستگەی سوتەمەنی بریتییە لە خزمەتگوزارییەك شارەکان پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکەن کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارە و جۆرەکانی لە زیادبوندایە وە بەشێوەکی زۆر لە شارەکاندا بڵاوبونەتەوە، وەك کەرتێکی وەبەرهەمهێنان بۆتە چالاکییەکی بازرگانی کەوتۆتە کێبڕکێی بەکارهێنانەکانی بازرگانی وخزمەتگوزارییەکانی تر[1]. ئەم وێستگەی سوتەمەنییە لە شوێنی تایبەتکراو دروستدەکرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی فرۆشتنی سوتەمەنی بە ئامێر لەگەڵ پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتگوزاری بۆ خزمەتکردنی شەقامەکان کە بەپێی جۆرەکانی وێستگە دەگۆڕێت[2]. شاری سلیمانی بەهۆی ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمێل رۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە لەبەرئەوە ئەم خزمەتگوزارییەش لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبیل روو لە زیادبوونە.

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوە**

شوێنی توێژینەوەکەمان شاری سلێمانییە، شاری سلێمانی سەنتەری پارێزگای سلێمانییە. پارێزگای سلێمانی لە خۆرئاواوە سنوری لەگەڵ وولأتی ئێرانە و لە باکور سنوری لەگەڵ پارێزگای هەولێرە و لە خۆرئاوا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکە و لە باشور سنوری لەگەڵ ئیدارەی گەرمیانە و لە باشوری خۆرهەڵات سنوری لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەیە. واتە شاری سلێمانی سەنتەری پارێزگایەکە کە سنوری نێودەوڵەتی هەیە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە سنوری لەگەڵ سێ پارێزگاکانی تری باشووری کوردستاندا هەیە. دووری ئەم شارە لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە (202)کم و لە سەنتەری

(1)اشرف علي عبدة، التباين المكاني لتوزيع محطات الوقود في المدينة المنورة، قسم جغرافية، كلية الآداب، جامعة القاهرة، سلسلة بحوث جغرافية، الجمعية الجغرافية المصرية، عدد75، 2014، ص7.

(2) المملكة العربية السعودية، وزارة الشؤن البلدية و القروية، لائحة محطات الوقود و مراكز الخدمة، 1435ه، ص6.

پارێزگای کەرکوك (109)کم و لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە (83)کم و لە سنوری نێودەوڵەتی ئێران (105)کم. بڕوانە نەخشەی (1) .

سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی، شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی " 50 ´11 °45 و " 00 ´32 °45 ی خۆرهەڵات و بازنەی پانی " 47´39 °35 و "09´26 °35ی باکوور، شوێنی شاری سلێمانی تاڕادەیەکی کەوتۆتە ناوەڕاستی پارێزگای سلێمانییەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (2).

شاری سلێمانی لە ساڵی (2019)دا دابەشبووە بەسەر (231)گەڕەکدا، پێکدێت لە شارەوانییەکانی (ناوەند و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و تاسلوجە) ڕووبەری شاری سلێمانی بەپێی ماستەرپلانی شار دەگاتە (470کم2) کە سنوری ناوچەی توێژینەوەکەمانە[3]ژمارەی دانیشتوانەکەی (847447)کەسە لە ساڵی (2019) لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە هەمان ساڵدا (1994423)کەسە[4].

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوە**

مێژووی توێژینەوەکەمان ساڵی (2019) بەپێی ئەوداتایانەی لە فەرماگەکان وەرگیراوە لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاپرسیەك لەو کاتەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

گواستنەوە هۆکارن بۆ بەرەوپێشبردنیی شارەکان لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و کارگێری و ئابووری ... بۆ بەرەوپیشبردنی ئەم هۆکارە پیوستە خزمەتگوزاری بۆ دابینبکریت. هەر بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ئەمانەیە:

1- خستنەڕووی مێژووی دروستبوون و ڕوبەر و دابەشبوونی جوگرافی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی.

2- دیاریکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئەم وێستگانە پێشکەشی دەکەن.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنە ڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی وەسفی و بەراوردکاری شیکاری.


---

(3)سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی 2016، ل6.

(4)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشینگەکانی 2009 بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵانی 2010 تاکو 2020، ئاماری سلێمانی، 2010، ل2-11.

نەخشەی (1)

شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، 2018، زانیاری بڵاونەکراوە

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی gis، 2018، زانیاری بڵاونەکراوە.

نەخشەی (2)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی ماستەرپلان، 2019، زانیاری بڵاونەکراوە

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گواستنەوە لە شارەکەدا ئۆتۆمبێلە ئەم هۆکارە پێوستی بە خزمەتگوزاری هەیە سەرەکیترین خزمەتگوزاری وێستگەی سوتەمەنییە.
2. خزمەتگوزاری وێستگەی سوتەمنی خزمەتگوزارییەکی نوێ کە لەم ساڵانیەی دوایدا زۆر بە خێرای گەشەی کردووە لە شارەکەدا.

**کێشەی توێژینەوەکە**

هۆکاری بەئەنجامگەیاندنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی درکردنە بە چەند کێشەیەك لەو بوارەدا ، لەگرنگترین ئەو پرسیارانەی کە کێشەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە. بریتین:

1. ئایا خزمەتگوزاری وێستگەی سوتەمەنی لە شاری سلێمانیدا پێداوستی شارەکە دابین دەکات.
2. -ئایا ئەو دابەشبوونە جوگرافیەی وێستگەی سوتەمەنی لەسەر ئاستی شارەوانیەکان لە ئێستا، بەشێوەی هاوکێشەیەکی هاوسەنگ دابەشبووە کە بگونجێت لەگەڵ پێداوستییەکانی ئەو ناوچانەدا.

**گریمانەی توێژینەوەکە**

هیچ توێژینەوەیەك بەبێ گریمانە نییە. ئەم گریمانەیە توێژەر دەگەیەنێت بەچەند دەرئەنجامێك، کە ئەو دەرئەنجامانە ڕەنگە پۆزەتیف بن یان نێگەتیف بن، لە هەموو بارێکدا بیروڕای توێژەر دیاریدەکات بۆ چارەسەرکردنی سەرەتایی بۆ توێژینەوەکە، لەگرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکە:

1. بەڵێ خزمەتگوزاری وێستگەی سوتەمەنی لە شاری سلێمانیدا پێداوستی شارەکە دابین دەکات.
2. ئەم خزمەتگوزارییە دابەشبوونەکەیان هاوسەنگ و گونجاو نییە لەسەر ئاستی شارەوانییەکان.

**پەیکەری توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە چەند بابەتێك بخەینەڕوو ، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ یەکەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی بەپێی ڕووبەر و دووەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی بەپێی ساڵی دروستکردنیان و سێیەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی بەپێی کارمەند و چوارەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی بەپێی کاتی کردنەوەیان و پێنجەم: شیکردنەوەی ڕوبەری سەوزای لە وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی و شەشەم: شیکردنەوەی جۆرەکانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی و حەوتەم: شیکردنەوەی بڕی (ئامێری ژماردن، دەمانچە)ی جۆرەکانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی و هەشتەم: شیکردنەوەی بڕی سوتەمەنی بە لیتر بەپێی جۆرەکانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی و نۆیەم: شیکردنەوەی خزمەتگوزاری مارکێت لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی و دەیەم: شیکردنەوەی بڕی شوشتنگەی ئۆتۆمبێل لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی

**یەکەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی بەپێی ڕووبەر**

گرنگترین خزمەتگوزاری جوڵەی ناو شارەکان کە دەبێتە هۆی ئیشپێکردن و جوڵانی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانیەوە کە لە زۆر لە شوێنەکانی شاردا دەبینرێت، قەبارەکەشی بەپێی ماتۆڕەکان و جۆرەکانی سوتەمەنی و ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنە، ئەگەر شوێنی ڕۆشتن و هاتن بە شێوەیەکی گونجاو دروستنەکرابێت ئەوا کێشەی هاتووچۆ لە شەقامەکاندا و دیاردەی خنکاندن و کێشەی جوڵە و ڕوداوەکانی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە[5]. ڕووبەری وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی جیاوازی گەورەی تیادا دەبینرێت هەر بۆ ئەم مەبەستە دابەشمانکردووە[*] بەسەر چوار بەشی سەرەکی وەك لە خشتەی (1) و شێوەی (1)دا دیارە:

1-ئەو وێستگەی سوتەمەنیانەی ڕوبەریان کەمترە لە (1500)مەتر چوارگۆشە زۆرترین وێستگەی شارەکە پێکدەهێنن کە ژمارەیان (21) وێستگەیەکە زۆرترینیان دەکەوێتە شارەوانی ڕۆژهەڵاتەوە و کەمترینیان دەکەوێتەشارەوانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕینەوە و ناوچەی دەرەوە هیچ جۆرێك لەم وێستگەی تیادا نییە.

2-ئەو وێستگەی سوتەمەنیانەی ڕوبەریان لە نێوان (1500 _3000)مەتر چوارگۆشە بە پلەی دووەم دێن لە ڕووی بڕەوە ژمارەیان (16) وێستگەیە زۆرترینیان دەکەوێتە شارەوانی ڕۆژئاواوە هەریەك لە ناوەند و دەرەوە و شارەوانی بەکرەجۆ و تاسلوجە ئەم جۆرە وێستگەی تیادا نییە.

3-ئەو وێستگەی سوتەمەنیانەی ڕوبەریان لە نێوان (3000 _ 4500)مەتر چوارگۆشە ژمارەیان (9) وێستگەیە و کەمترین جۆر پێکدەهێنن لە ناوەند و دەرەوە و شارەوانی بەکرەجۆدا بونیان نییە.

4-ئەو وێستگەی سوتەمەنیانەی ڕوبەریان زیاترە لە (4500)مەتر چوارگۆشە بەپلەی سێەم دێن لە ڕووی ژمارەوە بەبڕی (15) وێستگە دێن زۆرترین بڕ دەکەوێتە شارەوانی ڕۆژهەڵات و شارەوانی ڕاپەڕین ئەم جۆرە وێستگەی تیادا نابینرێت.

خشتەی(1)

ڕوبەری وێستگەی سوتەمەنی شاري سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | لە 1500م$^2$ کەمترە | 1500م$^2$ _3000م$^2$ | 3000م$^2$ _4500م$^2$ | 4500م$^2$ زیاتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند | 2 | - | - | 1 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 9 | 5 | 1 | 6 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 6 | 8 | 3 | 2 | 19 |

(5)زين العابدين علي صفر، التخطيط الحضري مدخل العام، ط1، دار الكتب الوطنية، ليبيا، 2004، ص339-340.

(*)بۆ ئەم دابەشکردنە سودمان لە: هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانی ئاوەدانی، ڕێنمایی تایبەت بە شوێن و دیزاینی وێستگەی سوتەمەنی بەنزینخانە.


| شارەوانی | لە 1500م$^{2}$ کەمترە | 1500م$^{2}$ _3000م$^{2}$ | 3000م$^{2}$ _4500م$^{2}$ | 4500م$^{2}$ زیاتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| بەکرەجۆ | 1 | - | - | 1 | 2 |
| ڕاپەڕین | 1 | 3 | 3 | - | 7 |
| تاسلوجە | 2 | - | 2 | 2 | 6 |
| دەرەوە (*) | - | - | - | 3 | 3 |
| کۆ | 21 | 16 | 9 | 15 | 61 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

شێوەی (1)

ڕووبەری وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لەساڵی 2019دا





(*)مەبەستمان لەدەرەوە ئەو بەشەی شارەکەیە ناکەوێتە هیچ کام لە شارەوانییەکانەوە چونکە سنوری شارەوانییەکانی شاری سلێمانی هاوسنور نین لەگەڵ سنوری ماستەرپلانی شارەکەدا واتە بەشێك لە ڕووبەری ماستەرپلانی شارەکە تا ئێستا سەر بە هیچ شارەوانییەك نییە.

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(1).

نەخشەی (3)

دابەشبوونی جوگرافی وێستگەی سوتەمەنی بەپێی سنوری شارەوانییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشیت بەستن بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی.

2-فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

**دووەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێی ساڵی دروستکردنیان**

سەبارەت بە دروستکردنی وێستگەی سوتەمەنی ئەو وێستگەی سوتەمەنیانەی کە ئێستا هەن لە شاری سلێمانی مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (1991) چونکە پێش ئەمکاتە چەند وێستگەیەکی سوتەمەنی حکومی هەبوون ئێستا نەماون وزۆربەی وێستگە سوتەمەنییەکان ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گوستراونەتەوە یان نەماون هۆکاری ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ فراوانبوونی شار و نەگونجاوی شوێنی ئەم وێستگانە لە شارەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێی ساڵ دابەشکردووە بە سێ بەشەوە بڕوانە خشتەی(2) و شێوەی (2):

1_زۆرترین وێستگەی سوتەمەنی لە نێوان ساڵانی (2000_-2010)دا دروستکراوە ژمارەیان (35)وێستگەیە، واتە زیاتر لە نیوەی وێستگەکانی شاری سلێمانی لەم دە ساڵەدا دروستکراوە، لە ساڵانی (2010-_2019)دا (21) وێستگەی سوتەمەنی دروستکراوە واتە بەپلەی دووەم، کەمترین وێستگەی سوتەمەنی لە ساڵی (2010)دا دروستکراوە ژمارەیان (5)وێستگەی سوتەمەنی.

2_هەریەك لە شارەوانییەکانی (ناوەند و ڕۆژئاوا و ڕاپەڕین و تاسلوجە) ناوچەی دەرەوە زۆرترین وێستگەی سوتەمەنی لە ساڵانی (2000-_2010)دا دروستکراون.

3-تەنها شارەوانی ڕۆژهەڵات زۆرترین وێستگەی لە ساڵانی (2010_-2019)دا دروستکراوە.

4-لە هەموو شارەوانییەکاندا کەمترین وێستگەی سوتەمەنی لە پێش ساڵی (2000)دا دروستکراوە.

خشتەی (2)

وێستگەی سوتەمەنی بە پێی شارەوانی و ساڵانی دروستکردنی لە شاری سلێمانیدا

| شارەوانی | پێش ساڵی 2000 | 2000_-2010 | 2010_-2019 | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ناوەند | 0 | 2 | 1 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 2 | 9 | 10 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 0 | 12 | 7 | 19 |
| بەکرەجۆ | 1 | 1 | 0 | 2 |
| ڕاپەڕین | 1 | 5 | 1 | 7 |
| تاسلوجە | 1 | 4 | 1 | 6 |
| دەرەوە | 0 | 2 | 1 | 3 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆ | 5 | 35 | 21 | 61 |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی راپرسی ژمارە (1).

بەسەرنجدان لە خاڵاکانی سەرەوە و شێوەی (2) دەردەکەوێت شارەوانی ڕۆژهەڵات زۆرترین وێستگەی لە ساڵانی (2010-2019)دا دروستکراوە، شارەوانی ڕۆژئاوا زۆرترین وێستگەی لە ساڵانی (200-2010) دایە شارەوانی ڕۆژهەڵات بەراورد بە شارەوانییەکانی تر زۆرترین وێستگەی لە ساڵانی (پێش ساڵی 2000)دروستکراون. کەمترین وێستگە لە ساڵانی (پێش 2010)دا دروستکراوە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمبێل کەم بووە لەو کاتەدا، زۆرترین ڕێژە لە ساڵانی (2000-2010)دایە ئەمەش بەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئابووری و زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل، لە ساڵانی (2010-2019)دا کردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی کەمترە لە قۆناغی پێش خۆی هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خراپبوونی بارودۆخی سیاسی و ئابوری ناوچەکە.

شێوەی (2)

وێستگەی سوتەمەنی بە پێی شارەوانی و ساڵانی دروستکردنی لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(2).

**سێیەم: شیکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێی کارمەند لە ساڵی 2019دا**

ووێستگەی سوتەمەنی سەرچاوەی بەدەستهێنانی داهات و هەلی کارە لە هەر ناوچەیەکدا بێت هەرچەندە تەکنەلۆژیا جێگای زۆر لە کارەکانی مرۆڤی گرتۆتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لە وێستگەکاندا پێشکەش دەکرێت ژمارەك لە دەستی کار لە وێستگەکاندا کار دەکەن سەبارەت بە ژمارەی کارکەر لەم ویستگانەدا وەك لە خشتەی(3) دەبینین:

1-زۆرترین وێستگەی سوتەمەنییەکان کەمتر لە (8) کارمەندیان هەیە ژمارەیان (31)ویستکە ئەم ژمارەیە واتە نیوەی وێستگەکان پێکدەهێنن لە شارەکەدا، بە پلەی دووەم ئەو ویستگانە دێن کە (8-_15) کارمەندیان هەیە ئەویش (22)وێستگەن و بە پلەی سێیەم ئەو ویستگانە دێن کە (15 و زیاتر) کارمەندیان هەیە بە بڕی (8)وێستگەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی بەڕێوبردنی کارەکانی ناو وێستگەکان کە کارمەندێك چەند ئامێری ژماردنێك دەتوانێت بیات بەڕێوە.

2_شارەوانییەکانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و تاسلوجە) زۆرترین ژمارەی کارمەندی وێستگەکانیان کەمترە لە (8)کارمەند.

3-ناوەند هەموو وێستگەی سوتەمەنییەکانیان ژمارەی کارمەندەکانی (8 _15) کارمەندە.

4_شارەوانییەکانی (بەکرەجۆ و ڕاپەڕین) نیوەی وێستگەی سوتەمەنیەکانیان لە (8کەمتر)کارمەندی هەیە و نیوەکەی تریان (15-8)کارمەندیان هەیە.

خشتەی (3)

ژمارەی کارمەند لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانییەکان لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | لە 8 کەمتر | 15-8 | 15 و زیاتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ناوەند | 0 | 3 | 0 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 12 | 6 | 3 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 9 | 7 | 3 | 19 |
| بەکرەجۆ | 1 | 1 | 0 | 2 |
| ڕاپەڕین | 3 | 3 | 1 | 7 |
| تاسلوجە | 5 | 0 | 1 | 6 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دەرەوە | 1 | 2 | 0 | 3 |
| کۆ | 31 | 22 | 8 | 61 |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی راپرسی ژمارە (1).

شێوەی (3) بە رونی دەردەکەوێت زۆرترین دەستی کار لە وێستگەکاندا ژمارەیان لە (8)کارمەند کەمترە، شارەوانی بەکرەجۆ و دەرەوە هیچ وێستگەیەکی ژمارەی دەستی کاری لە نێوان (8-15)کارکەر نییە، هیچ شارەوانییەك زۆرترین وێستگەی لەڕوی ژمارەی دەستی کارەوە لە جۆری (15)کارمەند زیاتر بێت نییە. چونکە وێستکە سوتەمەنییەکان بەشێوەیەکی کوالیتی بەرز دروستکراون و سالانە چاودێری دەکرێن و ئامێرەکانیان پێ نوێدەکرێتەوە لەبەرئەوە پێوستیان بە کارمەندی زۆر نییە.

شێوەی (3)

ژمارەی کارمەند لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانیەکان لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی(3).

**چوارەم: شیكردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێی كاتی كردنەوەیان لە ساڵی 2019دا**

شاری سلێمانی بەهۆی ئەوەی لە ڕوی ئابوری و كۆمەڵایەتی گەشەكردنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و چەندین چالاكی جۆراوجۆری تیادا ئەنجامدەدرێت ئەمانە هەمووو وا دەكەن شارەكە بەردەوام جموجۆڵی تیادا ببینرێت ئەمەش لە كاتەكانی كردنەوەی وێستگەی سوتەمەنییەكاندا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە وەك لە خشتەی(4)دا دیارە:

1-زۆرترین وێستگەی سوتەمەنی (24)كاتژمێر كاردەكەن، ژمارەیان (45) وێستگە واتە زیاتر لە دوو لە سەر سێی وێستگەكان لەم جۆرەن تەنها (16) وێستگە كەمتر لە (24)كاتژمێر كار دەكەن، بەشێكی وێستگەكان هۆكاری سەرەكی كەمكردنەوەی كاتەكانی ئیشكردنیان بەتایبەت لە وەرزی زستاندا دەگەڕاندەوە بۆ بڕانی كارەبای حكومی.

2-شارەوانییەكانی (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، بەكرەجۆ، ڕاپەڕین) و دەرەوە زۆترین وێستگەكانیان (24) كاتژمێرین.

3-تەنها ناوەند زۆرترین وێستگەی كەمتر لە (24)كاتژمێر كاردەكەن.

بە سەرنجدان لە شێوەی (4)دا دەبینین زۆرترین وێستگەی سوتەمەنی (24)كاتژمێر كاردەكەن هۆكاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی ئامێری ژماردن و دەمانچەكان لەوێستگەكاندا داخراو نییە دەبێت بەردەوام كارمەندێكی چاودێر هەبێت ئەمە هۆكارێكە بۆتە هۆی ئەوەی وێستگەكان بەردەوام كراوەبن.

خشتەی (4)

كاتەكانی كردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانیەكان لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | 24 | كەمتر لە 24 | كۆ |
|---|---|---|---|
| ناوەند | 1 | 2 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 16 | 5 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 16 | 3 | 19 |
| بەكرەجۆ | 2 | 0 | 2 |
| ڕاپەڕین | 5 | 2 | 7 |
| تاسلوجە | 3 | 3 | 6 |
| دەرەوە | 2 | 1 | 3 |
| كۆ | 45 | 16 | 61 |




*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی راپرسی ژمارە (1).

شێوەی (4)

کاتەکانی کردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی (4).



**_JZSB_** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پێنجەم: شیکردنەوەی ڕووبەری سەوزای لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی لە ساڵی 2019دا**

وەك دەزانرێت ئەگەر ڕوداوێکی نەخوازراو لە وێستگەی سوتەمەنیدا ڕوبدات زەرەرێکی زۆر دەگەێنێت بە ناوچەکانی دەوروبەریشی بۆ ئەم مەبەستە بۆ پاراستنی ڕێبواران و بەکارهێنەرەکانی تری شارەکانی نزیك وێستگەی سوتەمەنین ڕێنماییەك دانراوە دەڵێت (پشتێنەیەکی سەوزای بەدانانی 3م پانی تەنها لە شوێنی هاتنە ژورەو و چونە ژورەوەدا نەبێت بە بەرزی 15سم سەوزای) [6] سەبارەت بە ڕوبەری ناوچەی سەوزای لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی، ڕێژەی ڕووبەریی سەوزایمان وەرگرتووە بۆ کۆی ڕووبەری سەوزایمان وەرگرتووە بۆ کۆی ڕووبەری وێستگەکە بۆ ئەم مەبەستە دابەشمانکردووە بەم شێوەی لای خوارەوە وەك لە خشتەی(5)و شێوەی (5)دا دەبینرێت:

1_زۆرترین وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی کەمتر لە (8%)ی ڕوبەرەکەیان سەوزاییە ژمارەیان (30)وێستگەیە واتە نزیکەی نیوەی کۆی وێستگەی سوتەمەنییەکان، بەپلەی دووەم ڕوبەری سەوزاییەکەیان لەنێوان (8-15%)ی ڕوبەری وێستگەکانە ژمارەیان (18)وێستگە، کەمترین وێستگە ڕوبەری سەوزاییان زیاترە لە (15%)ی ڕوبەری وێستگەکان ژماریان (13) وێستگە.

2_شارەوانییەکانی (ناوەند و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و تاسلوجە) زۆرترین وێستگەیان ڕوبەری سەوزاییەکەیان کەمتر لە (8%)ی ڕوبەری وێستگەکان.

3_ شارەوانی ڕاپەڕین و دەرەوە زۆرترین ژمارەی وێستگەیان ڕوبەری پشتێنەی سەوزای (8-15%) ڕوبەری وێستگەکانە.

خشتەی (5)

ڕوبەری سەوزای لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | لة 8 %کةمتر لە کۆی ڕوبەری وێستگە | 8% - 15% لە کۆی ڕوبەری وێستگە | 15%و زیاتر لە کۆی ڕوبەری وێستگە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ناوەند | 3 | 0 | 0 | 2 |
| ڕۆژهەڵات | 13 | 4 | 4 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 9 | 6 | 4 | 19 |

---

(6)هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانی ئاوەدانی، ڕێنمایی تایبەت بە شوێن و دیزاینی وێستگەی سوتەمەنی بەنزینخانە، ل4.


| شارەوانی | لە 8 %کەمتر لە کۆی ڕووبەری وێستگە | 8% - 15% لە کۆی ڕووبەری وێستگە | 15%و زیاتر لە کۆی ڕووبەری وێستگە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەکرەجۆ | 0 | 2 | 0 | 2 |
| ڕاپەڕین | 2 | 3 | 2 | 7 |
| تاسلوجە | 3 | 1 | 2 | 6 |
| دەرەوە | 0 | 2 | 1 | 3 |
| کۆ | 30 | 18 | 13 | 61 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

شێوەی (5) بەڕونی دەردەکەوێت زۆرترین وێستگەی شارەکە ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی (8%)ی وێستگەکان پێکدێنێت، شارەوانی ڕاپەڕین و دەرەوە ڕووبەری سەوزایی وێستگەکانیان لە نێوان (8-15) ڕێژەی ڕووبەری وێستگەکانە، هیچ شارەوانییەك زۆرترین جۆری وێستگەی وێستەمەنی ڕووبەری سەوزای ڕێژەی (15%)ی ڕووبەری وێستگەکە پێکناهێنێت. چونکە وێستگەکان زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووبەری وێستگەی سوتەمەنییەکە بۆ خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرکان بەکاربێنن.

شێوەی (5)

ڕووبەری سەوزای لە وێستگەی سوتەمەنی لە شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا






*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی (5).

**شەشەم: شیکردنەوەی جۆرەکانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2019دا**

کاری سەرەکی وێستگەی سوتەمەنی فرۆشتنی جۆرە جیاوازەکانی سوتەمەنییە، ڕاستە چەند خزمەتگوزارییەکی تریش پێشـــکەش دەکرێـت، جۆرە ســـەرەکییەکـانی ســـوتەمەنی لە شـــاری ســـلێمـانیـدا بریتین لە بەنزین (نۆرماڵ،محســـن،ســـۆپەر) وگاز و نەوت و LPG و غاز (*)ســـەبارەت بە بڕی جۆرەکانی ســـوتەمەنی لە وێســـتگەی سوتەمەنییەکانی شاردا وەك لە خشتەی(6) دا دیارە دەبینین:

1_تەنها بەنزین لە جۆری نۆرماڵ لە هەموو وێستگەی سوتەمەنییەکاندا هەیە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەکارهێنەری زۆرە بەهۆی نزمی نرخەکەی بەراورد جۆرەکانی تر.

2_بە پلەی دووەم جۆری بەنزینی محسن، لە (58) وێستگەی سوتەمەنییدا بوونی هەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نرخی ئەم جۆرە مامناوەندە بەراورد بە جۆرەکانی تر وە تەنها لە هەندێك لە وێستگەکانی شارەوانی تاسلوجەدا بووونی نییە لە تەواوی وێستگەی سوتەمەنییەکانی هەموو ناوچەکانی تری شارەکەدا هەیە.

3- بەنزینی سوپەر بڕەکەی زۆر کەمە بەراورد بە بەنزینەکانی تر، نزیکەی نیوەی وێستگەی سوتەمەنی ئەم جۆرە بەنزینەی هەیە ژمارەیان (30)وێستگە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخەکەی هەریەك لە وێستگەکانی شارەوانییەکانی (بەکرەجۆ و تاسلوجە) ئەم جۆرە بەنزینانەیان نییە.

4_گاز یەکێکی ترە لە سوتەمەنییەکان، بە زۆری لەلایەن پاس (باص) و ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر بەکار دێن ئەم جۆرەی سوتەمەنی لە (54) وێستگەی سوتەمەنیدا هەیە هەر یەك لە وێستگەکانی شارەوانییەکانی (تاسوجە، بەکرەجۆ)و دەرەوە ئەم جۆرە سوتەمەنییان هەیە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان زیاتر لە ناوچەکانی شەقامە سەرەکییەکانی کە دەڕۆن بۆ دەرەوەی شار تێپەڕ دەبن.

(*)هەریەك لەم جۆرانەی سوتەمەنی وەك بەنزین جۆری جیاوازیان هەیە کە لەڕوی کوالتی و شوێنی دروستکردنیان جیاوازن بەڵام وەك بەنزین دیاریکراو نین جۆرەکانیان و گرنگی ئەوتۆی پێنادرێت.

5_سەبارەت بە نەوت بڕێکی کەم دەبینرێت لە وێستگەکاندا بەهۆی بوونی ئۆتۆمێلی بارهەڵگری نەوتی گەڕۆك لە شارەکەدا نەوت ئەگوێزرێتەوە بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (25) وێستگەی سوتەمەنی لە شارەکەدا نەوتی هەیە.

6_ LPG یەکێکە لەو سوتەمەنییانەی لەلایەن بەشێکی کەمی ئۆتۆمبێلەکانەوە بەکار دێت بەتایبەت لەلایەن ئەو ئۆتۆمێلانەی لە ووڵاتی ئێرانەوە دێنە ناوچەکە بەکاردێن، لەبەرئەوە بڕێکی کەم دەبینرێت لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شارەکەدا تەنها (5) وێستگە ئەم جۆرە سوتەمەنییەی هەیە.

7_غاز مەبەستمان لەو سوتەمەنییە لە ماڵ و چێشتخانەکان بۆ چێشت لێنان بەکاردەهێنرێت، بەڵام بڕەکەی زۆر کەمە لە وێستگەکانی شارەکەدا تەنها (2) وێستگە ئەم جۆرە سوتەمەنییەی هەیە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی گەڕانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بۆ گەیاندنی ئەم جۆرە سوتەمەنییە بە گەڕەکەکانی شارەکەدا.

شێوەکانی (6) و (7) زۆر بەڕونی دەبینرێت زۆرترین جۆری سوتەمەنی لە شارەوانییەکانی (ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات) و کەمترین بڕ لە ناوەند و شارەوانی بەکرەجۆیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی ڕوبەری ئەم دوو شارەوانییە.

خشتەی (6)

جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی  بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا


| شارەوانی | بەنزین | | | گاز | نەوت | LPG | غاز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نۆرماڵ | محسن | سوپەر | | | | |
| ناوەند | 3 | 3 | 3 | 2 | 1 | 1 | 0 |
| ڕۆژهەڵات | 21 | 21 | 10 | 17 | 10 | 3 | 1 |
| ڕۆژئاوا | 19 | 19 | 13 | 18 | 10 | 0 | 1 |
| بەکرەجۆ | 2 | 2 | 0 | 2 | 1 | 0 | 0 |
| ڕاپەڕین | 7 | 7 | 3 | 6 | 2 | 1 | 0 |
| تاسلوجە | 6 | 3 | 0 | 6 | 1 | 0 | 0 |
| دەرەوە | 3 | 3 | 1 | 3 | 0 | 0 | 0 |
| کۆ | 61 | 58 | 30 | 54 | 25 | 5 | 2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی  ژمارە (2).

شێوەی (6)


جۆری سوتەمەنی (بەنزین) لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: خشتەی(6).

شێوەی (7)

جۆری سوتەمەنی (گاز، نەوت، LPG، غاز) لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(6).

**حەوتەم: شیکردنەوەی بڕی (ئامێری ژماردن(عداد)، دەمانچە)ی جۆرەکانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی**

جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت لە نێوان ژمارەی ئامێری ژماردن و دەمانچەکان بەپێی جۆرەکانی سوتەمەنی وەك لە خشتەی(7) و شێوەکانی ژمارە (8) و (9)دا دەبینرێت:

1-زۆرترین ئامێری ژماردن و دەمانچە بۆ جۆری سوتەمەنی بەنزینە بە بڕی (292)و (1158) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین ئۆتۆمبێلەکانی شارەکە جۆری سوتەمەنی بەنزین بەکاردەهێنن زۆرترین بڕ لە شارەوانی ڕۆژهەڵاتە بە پلەی دووەم لە شارەوانی ڕۆژئاوا پاشان شارەوانییەکانی ڕاپەڕین و تاسلوجە و دەرەوە و ناوەند و بەکرەجۆ.

2-بە پلەی دووەم سوتەمەنی گاز دێت هەرچەندە بڕەکەی بە ڕێژەی (3,3) ئەوەندە کەمترە لە سوتەمەنی بەنزین، ژماریان (87) ئامێری ژماردن و (207)دەمانچەیە، زۆرترین بڕ لە شارەوانی ڕۆژئاوایە پاشان شارەوانی ڕۆژهەڵات پاشان تاسلوجەو ڕاپەڕین و دەرەوە و بەکرەجۆ و ناوەند دێت.

3-سەبارەت بە نەوت و LPG بڕەکەی زۆر کەمە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەم جۆرەی سوتەمەنی لە وێستگەکانی سوتەمەنی لە شارەکەدا.

شێوەکانی (8) و (9) پیشانی دەدات زۆرترین ئامێری ژماردن و دەمانچە لە جۆری بەنزینە و کەمترینیان (LPG) یە نەوت و گاز بڕەکەیان مامناوەندە چونکە پیشەی سەرەکی وێستگەی سوتەمەنی فرۆشتنی سوتەمەنی بەنزینە.

خشتەی (7)

بڕی (ئامێری ژماردن، دەمانچە)ی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | بەنزین | | گاز | | نەوت | | LPG | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئامێری ژماردن | دەمانچە | ئامێری ژماردن | دەمانچە | ئامێری ژماردن | دەمانچە | ئامێری ژماردن | دەمانچە |


| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند | 14 | 52 | 2 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڕۆژهەڵات | 103 | 441 | 25 | 76 | 12 | 23 | 3 | 4 |
| ڕۆژئاوا | 93 | 355 | 28 | 56 | 9 | 15 | 0 | 0 |
| بەکرەجۆ | 6 | 36 | 3 | 12 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڕاپەڕین | 34 | 140 | 9 | 22 | 1 | 4 | 1 | 1 |
| تاسلوجە | 22 | 58 | 13 | 26 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| دەروە | 20 | 76 | 7 | 11 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کۆ | 292 | 1158 | 87 | 207 | 22 | 42 | 4 | 5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

شێوەی (8)

بڕی ئامێری ژماردن ی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(7).

شێوەی (9)

بڕی دەمانچە ی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی ل ساڵی 2019دا




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(7).

**هەشتەم: شیكردنەوەی بڕی سوتەمەنی بە لیتر بەپێی جۆرەكانی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەكانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2019دا**

ئەو سوتەمەنیانەی لە شارەكەدا هەن لە ڕووی بڕەوە جیاوازن هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داواكاری بەكارهێنەرەكانی لێرەدا ئێمە پشتمان بە ستووە بە قەبارەی كۆگای هەڵگرتنی سوتەمەنی لە وێستگەكاندا چونكە هیچ وێستگەیەك لای ڕون نەبوو ڕۆژانە چەند لیتر سوتەمەنی هەیە وەك لە خشتەی(8) و شێوەی (10)دا دیارە:

1_زۆرترین بڕ لە جۆری بەنزینی نۆرماڵ بە بڕی (4654000)لیترە.

2-بەپلەی دووەم بەنزینی محسن دێت بە بڕی (3956000)لیترە .

3-بەپلەی سێیەم جۆری سوتەمەنی گاز دێت بەبڕی (3332000)لیتر.

4-بە پلەی چوارەم جۆری سوتەمەنی بەنزینی سۆپەر دێت بەڕی (1947000)لیتر دێت.

5-بە پلەی چوارەم جۆری سوتەمەنی نەوت دێت بەڕی (523000)لیتر دێت.

6-بە پلەی چوارەم جۆری یەدەگ دێت بەڕی (517000)لیتر دێت.

7-بە پلەی چوارەم جۆری سوتەمەنی LPG دێت بەڕی (492000)لیتر دێت.

خشتەی (8)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بڕی سوتەمەنی (لیتر) بەپێی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | بەنزین | | | گاز | نەوت | LPG | زیادە (یەدەك) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نۆرماڵ | محسن | سوپەر | | | | |
| ناوەند | 837000 | 266000 | 130000 | 256000 | 10000 | 20000 | 0 |
| ڕۆژهەڵات | 1412000 | 1254000 | 802000 | 932000 | 25000 | 452000 | 362000 |
| ڕۆژئاوا | 1206000 | 868000 | 653000 | 673000 | 438000 | 0 | 100000 |
| بەکرەجۆ | 255000 | 155000 | 0 | 155000 | 0 | 0 | 55000 |
| ڕاپەڕین | 638000 | 532000 | 254000 | 434000 | 50000 | 20000 | 0 |
| تاسلوجە | 269000 | 269000 | 0 | 324000 | 0 | 0 | 0 |
| دەرەوە | 217000 | 217000 | 108000 | 163000 | 0 | 0 | 0 |
| کۆ | 4654000 | 3956000 | 1947000 | 3332000 | 523000 | 492000 | 517000 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).


شێوەی (10) و (11)دەبینین زۆرترین بەنزین لە جۆری نۆرماڵە و بەپلەی دووەم بەنزینی جۆری محسنە و کەمترین بڕ لە جۆری سوپەرە و لە هەندێك لە شارەوانییەکان ئەم جۆرە بەنزینە بوونی نیە وەك ئاماژەمان پێکرد هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی نرخی ئەم جۆرە بەنزینە.

شێوەی (10)

بڕی بەنزین (لیتر)بەپێی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(8).

شێوەی (11)

بڕی سوتەمەنی (گاز، LPG، نەوت، زیادە) (لیتر) بەپێی جۆری سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(8).

**نۆیەم: شیکردنەوەی خزمەتگوزاری مارکێت لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2019دا**

یەکێك لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش دەکرێت لە وێستگەی سوتەمەنییەکاندا مارکێتە هەرچەندە تەنها لە (23) وێستگەی شارەکەدا ئەم جۆرە خزمەتگوزارییەی هەیە ژمارەکە کەمترە لە نیوەی وێستگەکانی شارەکە، هەندێك

لەم ماركێتانە بۆ مەبەستی تر بەكاردێن وەك فرۆشتنی ئامێری كارەبای و ئوتو و هەڵمی تیادا دەبینرێت. بڕوانە خشتەی(9).

شێوەی (12) دیارە زۆرترین وێستگە خزمەتگوزاری ماركێتی نییە، هۆكاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم وێستگانە دەكەونە ناو شارەكانەوە لە ناوشارەكان خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە و بەئاسانی دەستدەكەوێت.

خشتەی (9)


بڕی خزمەتگوزاری ماركێت لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | هەیە | نییە | كۆ |
|---|---|---|---|
| ناوەند | 0 | 3 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 9 | 12 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 8 | 11 | 19 |
| بەكرەجۆ | 0 | 2 | 2 |
| ڕاپەڕین | 3 | 4 | 7 |
| تاسلوجە | 1 | 5 | 6 |
| دەرەوە | 2 | 1 | 3 |
| كۆ | 23 | 36 | 61 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

شێوەی (12)

بڕی خزمەتگوزاری ماركێت لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لەساڵی 2019دا




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: خشتەی(9).

**دەیەم: شیكردنەوەی خزمەتگوزاری شوشتنگەی ئۆتۆمبێل (غسل) لە وێستگەی سوتەمەنییەكانی شاری سلێمانی**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شـوشـتنگەی ئۆتۆمبێل یەکێکی ترە لە خزمەتگوزارییەکانی وێسـتگەی سـوتەمەنی ژمارەیان سـاڵ لە دوای سـاڵ لە زیادبوو ندایە لە ئێســتادا (34)وێســتگە واتە زیاتر لە نیوەی ویســتگەکان ئەم جۆرە خزمەتگوزاریەی هەیە. تەنها شارەوانی تا سلوجە زۆرترین وێستگەکانی شو شتنگەی ئۆتۆمبێلی نییە بەڵام شارەوانییەکانی تر زۆرتر وێستگەکانی شــوشــتنگەی ئۆتۆمبێلی هەیە، هەریەك لە شــارەوانییەکانی (ناوەند، بەکرەجۆ) هەموو وێســتگەکانی شــوشــتنگەی ئۆتۆمبێلی هەیە. هۆکاری ســەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوبەری وێســتگەکە و ئاســتی کوالێتیەکەی چونکە هەندێك لە وێستکەکان دیزاین و کەلوپەلەکانیان کۆن بوو. بڕوانە خشتەی (10) و شێوەی (13).

خشتەی (10)

بڕی خزمەتگوزاری شوشتنگەی ئۆتۆمبێل لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا

| شارەوانی | شوشتنگەی ئۆتۆمبێلی هەیە | شوشتنگەی ئۆتۆمبێلی نییە | کۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| ناوەند | 3 | 0 | 3 |
| ڕۆژهەڵات | 12 | 9 | 21 |
| ڕۆژئاوا | 12 | 7 | 19 |
| بەکرەجۆ | 2 | 0 | 2 |
| ڕاپەڕین | 5 | 2 | 7 |
| تاسلوجە | 1 | 5 | 6 |
| دەرەوە | 2 | 1 | 3 |
| کۆ | 37 | 24 | 61 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:


فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (1).

شیوەی (13)

بڕی خزمەتگوزاری شوشتنگەی ئۆتۆمبێل لە وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بە پێی شارەوانی لە ساڵی 2019دا



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی(10).

## دەرئەنجام

لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەوێت توانای وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەم شێوەیە:

1-_کاتەکانی کارکردنی وێستگەی سوتەمەنی وەك لە پێشەوە باسمانکرد (45) وێستگە (24) کاتژمێر کار دەکەن و (16) وێستگە کەمتر لە (24)کاتژمێر کاردەکەن، ناوەندی کارکردنی ئەم وێستگانە (18) کاتژمێرە، واتە (1512) کاتژمێر(*) وێستگەی سوتەمەنی کاردەکەن لە شاری سلێمانی.

2_-سەبارەت بە ژمارەی دەمانچە تەنها سوتەمەنییەکانی (بەنزین و گاز و LPG)وەرگرتووە چونکە نەوت بۆ ئۆتۆمبێل بەکارنایەت کۆی دەمانچەی ئەم جۆرە سوتەمەنیانە (1407)دەمانچەیە.

3-_واتە کاتی کارکردنی وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی بەپێیی دەمانچە (2127384)کاتژمێرە(**)..

4-_ئەگەر بەراوردی ژمارەی ئۆتۆمبێلی شاری سلێمانی بکەین بەراورد بە کاتی کارکردنی دەمانچە دەبینین (448832)ئۆتۆمێل هەیە لەشارەکەدا واتە هەر ئۆتۆمبێلێك لە ماوەی (24)کاتژمێردا (4)کاتژمێر (42)خولەك(***) کاتی هەیە کە بچێت سوتەمەنی وەربگرێت.

5-_سەبارەت بەبڕی سوتەمەنی لە وێستگەی سوتەمەنییەکانی شاری سلێمانی دەتوانن بڵێن بڕی (8369800)لیتر سوتەمەنی (بەنزین، گاز، LPG) لە وێستگەکانی شاری سلێمانیدا هەیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ژمارەی ئۆتۆمبێل هەر ئۆتۆمبێلێك بڕی(18.6)لیتر سوتەمەنی بەر دەکەوێت. لەبەر ئەوەی ڕۆژانە نازانرێت ئەم وێستگانە چەند جار سوتەمەنی وەردەگرن بۆیە ناتوانرێت وا بە ئاسانی ئاستی بڕی سوتەمەنی دیاری ناکرێت.

## پێشنیار

1_بەهۆی بوونی وێستگەی سوتەمەنی لە کاتی ئێستادا وێستگەی سوتەمەنی نوێ پێویست نییە.

2_پێداچونەوە بە ڕێنماییەکانی دروستکردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی و دابەشبوونی وێستگەکان بشێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر شارەوانییەکاندا

3_زیادکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لە وێستگەکاندا بەتاییت خزمەتگوزاری غسل.


**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کوردی**

**أ-_فەرمانگە حکومییەکان**


---

(*)ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی ئەم هاوکێشە بیرکاریەوە دەرکراوە (ژمارەی وێستگە × کاتژمێرەکانی کردنەوەی وێستگەی سوتەمەنی)

(**)ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی ئەم هاوکێشە بیرکاریەوە دەرکراوە (ژمارەی دەمانچە × کاتژمێرەکانی کردنەوەی کۆی وێستگەی سوتەمەنیەکانی شاری سلێمانی)ئ

(***)ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی ئەم هاوکێشە بیرکاریەوە دەرکراوە (ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی دەمانچەکانی وێستگەکانی سوتەمەنی شاری سلێمانی ÷ ژمارەی ئۆتۆمبێلی شاری سلێمانی)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

1_حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانی ئاوەدانی، ڕێنمایی تایبەت بە شوێن و دیزاینی وێستگەی سوتەمەنی بەنزینخانە.

2_حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، وێستگەی سوتەمەنی شاری سلێمانی.

3- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، 2018، زانیاری بڵاونەکراوە

4_حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی gis، 2018، زانیاری بڵاونەکراوە.

5-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی ماستەرپلان، 2018، زانیاری بڵاونەکراوە

6_حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشینگەکانی 2009 بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵانی 2010 تاکو 2020، ئاماری سلێمانی، 2010.

**ب_کارنامە**

1_سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی 2016.

**دووەم : عەرەبی**

**أ_کتێب**

1_عبدة، اشرف علي، التباين المكاني لتوزيع محطات الوقود في المدينة المنورة، قسم جغرافية، كلية الآداب، جامعة القاهرة، سلسلة بحوث جغرافية، الجمعية الجغرافية المصرية، عدد75.

2_ علي صفر، زين العابدين، التخطيط الحضري مدخل العام، ط1، دار الكتب الوطنية، ليبيا، 2004.

**ب_فەرمانگەی حکومی**

1_المملكة العربية السعودية، وزارة الشؤن البلدية و القروية، لائحة محطات الوقود و مراكز الخدمة، 1435ه، ص6.

**فورمی ڕاپرسی ژمارە (1)**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

زانكۆی سلێمانی

كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ بەشی جوگرافیا

فۆرمی ڕاپرسی

ئەم ڕاپرسیە تایبەتە بە ڕوپێوكردنی ئەركی گواستنەوە لە شاری سلێمانی بەمەبەستی ئاشنابوون بە ئاستی ئەم كەرتە و چارەسەركردنی گرفتەكانی، بەشێكە لە پێداوستیەكانی نامەی دكتۆرا لە بواری جوگرافیای شار، نهێنی ئەو زانیاریانەی پڕدەكرێتەوە پارێزراوەو تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەیە.

سوپاسی هاوكاریتان دەكەین...

1-ڕووبەری وێستگەی سوتەمەنی ..................... .

تێبینی/ تكایە بۆشاییەكان پڕبكەرەوە و وەڵامی گونجاو هەڵبژێرە بە دانانی هێمای ( √) لە خانەی شیاودا.

2-ئایا وێستگەی سوتەمەنی حكومییە ..................... ، تایبەت ..................... .

3-ئایا وێستگەی سوتەمەنی گشتییە ..................... ، تایبەت..................... .

4-ئایا وێستگەی سوتەمەنی فرۆشگای هەیە بەڵێ ..................... ، نەخێر ..................... .

5-ئایا وێستگەی سوتەمەنی فرۆشگای فرۆشتنی پێداوستی ئۆتۆمبێلی هەیە بەڵێ ..................... ، نەخێر ..................... .

6-ئایا وێستگەی سوتەمەنی مزگەوتی هەیە بەڵێ ..................... ، نەخێر ..................... .

7-ئایا وێستگەی سوتەمەنی غەسلی هەیە بەڵێ ..................... ، نەخێر ..................... .

8- ئایا وێستگەی سوتەمەنی پەرژینی باخی هەیە بەڵێ ..................... ، نەخێر ..................... .

تێبینی/ تكایە بۆشاییەكان پڕبكەرەوە (تەنها بە ژمارە).

9-ژمارەی ڕێڕەوی چونە ژورەوە ..................... . ژمارەی ڕێڕەوی هاتنە دەرەوە ..................... .

10-ژمارەی كارمەندەكان ..................... .

11-ژمارەی جۆرەكانی سوتەمەنی هەیە ..................... جۆرەكانی چین:

12-چەند ماتۆڕی هەیە ..................... .

13-چەند تانكی خەزانی سوتەمەنی هەیە ..................... .

14-قەبارەیان چەندە ..................... .

15-كاتەكانی كردنەوە..................... . كاتەكانی داخستنی ..................... .

16-ڕۆژی چەند ئۆتۆمبێل سەردانیان دەكات بەنزیكەی..................... .

17-ساڵی دروستكردنی وێستگەی سوتەمەنی.......................... .



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەر تێبینی و زانیاریی و کێشەیەکی گرنگ کە شایانی ئاماژەپێکردن بێت: